| پاڵپشت بەمادەی ( سی و سێ ) لە یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠١٢ |
|---|
| تایبەت بە قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومی یەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق |
| ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە دەردەکەین بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی بڕگەومادەکانی ئەم یاسایە |

بەناوی گەلەوە

## بڕیار

ژمارە ( ٢٧ ) ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێڕاق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموار کراو پێمان دراوەو بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێڕاق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٩) لە ٢٠١٢/١١/١٣ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠١٢

یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومی یەکانی هەرێمی کوردستان - عێڕاق

| ز | {{ ماددەی یاسا }} | {{ ڕێنمـــــــــــــایی وەزارەت }} |
|---|---|---|
| ١ | **{ بەشی یەکەم }**<br>**پێناسەکان**<br>**ماددەی یەکەم**<br>مەبەستی ئەم یاسایە لەم زاراوەو دەستەواژانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە :<br>یەکەم :- هەرێم : هەرێمی کوردستان – عیراق.<br>دووەم :- وەزارەت : وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.<br>سێیەم :- وەزیر : وەزیری پەروەردە.<br>چوارەم : - قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی : بریتیە لە | ئەم ناوەندە فێرکاریانە دەگرێتەوە :- |

| | | |
|---|---|---|
| | باخچەی ساوایان وقوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی کارگوزار لە پەروەردەو فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی بەر لە قۆناغی خوێندنی بالاَ کە وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتیان دەدات و سەرپەرشتیان دەکات. | ١-قۆناغی باخچەی ساوایان .<br>٢- قۆناغی بنەڕەتی .<br>٣- قۆناغی ئامادەیی ( زانستی ، وێژەیی ، پیشەیی ) .<br>٤- قۆناغی پەیمانگە { بۆ ماوەی پێنج ساڵ دوای پۆلی (٩) ی بنەڕەت }<br>٥- سەنتەرەکانی فێربوونی پیشەیی . |
| ٢ | **ماددەی دووەم**<br>قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی بۆ دەستەبەر کردنی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دادەمەزرێن.<br>یەکەم :- ڕەخساندنی بواری نوێی زیاتر بۆ پەروەردەو فێرکردن، وێڕای تواناکانی حکومەت، بەمەبەستی پەرەپێدان ویارمەتیدان و گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی نیشتیمانی.<br>دووەم : - دابین و ئامادەکردنی پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی مۆدێرنکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە ڕێگەی پرۆگرام و ڕێگای مۆدێرن پەپێی بنەماو پرنسیپەکانی ئەم یاسایە.<br>سێیەم :- گرنگیدان بە فێرکردنی زمانە بیانییە زیندووەکان لە پاڵ پرۆگرامە فێرکارییە بڕیاردراوەکان.<br>چوارەم : - ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ کێبرکێ لە بواری پەروەردەو فێرکردن بەمەبەستی پەرەپێدانی ئاراستەی گەشەپێدانی مرۆیی و داهێنانی زیاتر لە پەروەردەو فێرکردن بە بەرجەستەکردنی نموونەیی مۆدێرن و | |

| | | |
|---|---|---|
| | سەردەمییانە لە سیستەم و پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا.<br>پێنجەم: - هاندانی پرۆسەی وەبەرهێنانی نیشتیمانی و بیانی لە هەرێمدا لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن لە چوارچێوەی بەرنامەو سیستەمێکی نوێدا ( مۆدێرن ).<br>شەشەم :- ڕەخساندنی دەرفەت لە بەردەم ڕەوەند و بیانی و گەڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم، تاوەکو دانەبڕێن و بەمەبەستی بەردەوام بوونیان لە پەروەردەو فێرکردنی نیشتیمانی و دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەو فێرکردن بە جۆرێك کە لەگەڵ پرۆگرامەکانی فێرکردنی هەرێم ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتوون بگونجێت. | |
| ٣ | <u>{ بەشی دووەم : مۆڵەت دان }</u><br><u>ماددەی سێیەم</u><br>یەکەم:- هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، بەتەنیا یان بە کۆمەڵ، مافی دامەزراندنی قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی هەیە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە. | ئاماژە بە هەردوو ماددەی { شەشەم + حەوتەم } لە یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە ( ١٤ ) ی ساڵی ١٩٩١ هەموار کراو ،کەسی سروشتی بۆی هەیە داوای کردنەوەی قوتابخانەو پەیمانگەی ناحکومی بکات :-<br><u>ماددەی شەشەم /-</u><br>یەکەم :- بۆ فەرمانبەر هەیە کە یەکێك لەو فەرمانبەرایەتیانەی گرتوە کە دەکەوێتە سنوری پلە حەوت لە پلەکانی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ( ٢٤ ) ی ساڵی ١٩٦٠ یان هاوتاکەی و لەوە کەمتر ، کار بکات لە دەرەوەی کاتەکانی هاتنە سەرکاری فەرمی بۆ بەرژەوەندی خۆی یان لای کەسێکی تر بەمەرجێك ساڵانە ئاگاداری فەرمانگەکەی خۆی بکاتەوە لە شوێن و سروشتی کارەکەی و کارەکەی کاریگەری نەبێت لە دەرەوەی کاتەکانی هاتنە سەرکار لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی فەرمانبەرایتییەکەی .<br>***پلەکانی { ٧ ، ٨ ، ٩ ، ١٠ } دەگرێتەوە .*** |

| | | |
|---|---|---|
| | | دووەم :- بۆ وەزیری تایبەتمەند هەیە یان ئەوەی دەسەڵاتی پێ ئەدات ، ڕێگە بدات بە فەرمانبەران لە وانەی حوکمی بڕگەی ( یەکەم ) لەم مادەیە نایانگرێتەوە بۆ کارکردن لەدەرەوەی کاتەکانی هاتنە سەر کاری فەرمی بۆ ماوەی ساڵێك و یارای نوێکردنەوەیە پلەکانی { ١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ } دەگرێتەوە .<br>سێیەم:- ئەم فەرمانبەرانە لەحوکمی ئەم مادەیە بەدەر دەکرێن :-<br>أ- ئەوانەی بە فەرمایشی کۆماری ( ***ئەنجومەنی وەزیران*** ) دامەزراون .<br>ب- فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە.<br>ج- ئەوانەی لە ڕاژەی دەرەوە کار دەکەن .<br>**ماددەی حەوتەم :-**<br>ئەگەر فەرمانبەر سەرپێچی کرد لە ئەرکی فەرمانبەرایەتیەکەی یان هەڵسا بە کارێك لەو کارانەی لێی قەدەغەکراوە سزا ئەدرێت بە یەکێك لەو سزایانەی بە دەق لەم یاسایە هاتووە و ئەوە نابێتە ڕێگر بۆ سەپاندنی هەر کارڕاییێك لەدژی بە پێی یاساکان .<br>ڕێنمایی تر بەدەر لەو دوو مادەیەی سەرەوە :-<br>١- ئەگەر داواکاران زیاتر لە یەکێك بوون پێویستە مۆڵەتەکە بەناوی یەکیان بێت و ئەو کەسەش بڕوانامەکەی لە ( دەرچووی ئامادەیی ) کەمتر نەبێت .<br>٢- ئەگەر داواکار کۆمپانیا یان ڕێکخراو بوو پێویستە سیفەتی پەروەردەیی هەبێت . |
| | دووەم:- پێویستە بۆ دامەزراندنی قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی و دەستکردن بە پرۆسەی فێرکردن و ئەنجامدانی گۆڕانکاری ریشەیی تیایدا، داواکارییەکی نووسراو بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت، پێشکەش بکرێت. | داواکارییەکە بە پێی فۆرمی ژمارە (١) ی ( هاوپێچ ) دەبێت پاڵپشت بە( ماددەی چوارەم / یەکەم ) ی ئەم یاسایە . |

| | | |
|---|---|---|
| | سێیەم:- لەسەر وەزارەت پێویستە سەیری داواکارییەکە بکات لە ماوەیەك کە لەسێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی تێپەڕنەکات، وە پێویستە ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە پاڵپشت بێت بە پاساوێکی یاسایی.<br>چوارەم:- ئەگەر وەزارەت لە ماوەی یاسایی دیاریکراودا وەڵامی داواکارییەکەی نەدایەوە،ئەوا داواکارییەکە بە پەسەندکراو هەژمار دەکرێت.<br><br>پێنجەم:- پێویستە هەر قوتابخانە یان پەیمانگەیەکی ناحکومی ناوێکی تایبەت و جیاکەرەوەی هەبێت کە لەگەڵ تایبەتمەندییە کولتوری و پەروەردەیی و نیشتیمانییەکانی هەرێم دا بگونجێت.<br>شەشەم:- پێویستە هەر قوتابخانەیەك یان پەیمانگەیەکی ناحکومی پەیڕەوێکی ناوخۆیی هەبێت کە بنەما گشتییەکانی کارکردن و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان لەخۆ بگرێت و لەگەڵ داواکاری مۆڵەتدان پێشکەشی وەزارەت بکرێت. | ئەگەر ناوەکە ناوێکی جیهانی باوەڕپێکراو بوو (مارکە) ، پێویستە ناوێکی کوردی وەك پێشگر یان پاشگری پێوە بلکێ . |
| ٤ | **<u>ماددەی چوارەم</u>**<br>یەکەم:- پێویستە داواکاری پێشکەشکراو ئەم بابەتانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت.<br>دیاریکردنی ئامانجە گشتی و تایبەتیەکان .<br>دیاری کردنی سوودی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی | یەکەم/- ئەم بەڵگەنامانە پێویستە دەستەبەر بکرێت پێش پێدانی مۆڵەت { فۆرمی ژمارە(٢)} :-<br>١- پشتگیری { تەندروستی ، ئاسایش ، شارەوانی، بەرگری شارستانی ، نەهێشتنی تاوان } ی پارێزگە.<br>٢- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت . |

| | | |
|---|---|---|
| | پرۆژەکە.<br>دیاری کردنی سەرچاوە داراییەکان و لایەتی پاڵپشتکار.<br>بڕی ئەو ڕسوماتەی خوێندن کە لە خودی قوتابی یان بەخێو کارانی بەرامبەر خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان وەردەگیرێت .<br>مەرجەکان و ڕێژەو ئەوپەڕی ژمارەی وەرگرتن .<br>بنەماکانی دەرچوون و کەوتن و سیستەمی گشتی تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن.<br>زمانی خوێندن .<br>پلانی خوێندن و ماوەی پێشنیارکراو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دەرچوون.<br>پرۆگرام و پەرتووکەکانی خوێندن و سەرچاوەکانیان لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی خاوەندارییەتی هزری.<br>کەرستەو پێداویستی ئامادەکراو بە گوێرەی قۆناغ و جۆرو بەشەکانی پسپۆڕی .<br>ڕێگەو شێوازەکانی وانەگوتنەوەو لێهاتوویی مامۆستایان و توێژەرانی کۆمەلایەتی و دەروونی و بەڕێوەبەرەکان و ڕەگەزنامەکانیان.<br>تاقیگەو کتێبخانەو بەش و هۆڵەکانی خوێندن و دابینکردنی چاودێری و سەلامەتی تەندروستی و چالاکیە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانەکە.<br>سیستەمی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە. | ٣- ڕای لیژنەی ئەهلی پارێزگە .<br>٤- پلانی خوێندن + ساڵنامەی قوتابخانە +خشتەی دابەش کردنی وانەکان +بڕوانامەی مامۆستایان + ژیاننامەی بەڕێوەبەر + بەڵگەنامەی تاپۆی بینا + گرێ بەستی کرێ ی خانوەکە بەمەرجێ ماوەی گرێ بەستەکە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت ( ئەگەر بیناکە کرێ بوو ) + گرێ بەستی نێوان خاوەن قوتابخانەو تەواوی کارمەندان + بەڵێننامەی خاوەن قوتابخانە بۆ پابەند بوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی خوێندنی ئەهلی ( پەسەند کرا بێت لە فەرمانگەی دادنووس ) + ناوی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی قوتابخانە + دوو وێنەی خاوەن + کۆپی ناسنامە یان گوزەرنامە وە ئەگەر کۆمپانیا یان ڕێکخراو بوو وێنەیەك لە مۆڵەتەکەیان + پشتگیری دەزگای نێودەوڵەتی بۆ ئەو قوتابخانانەی پەیڕەوی پرۆگرام و سیستەمی ئەو دەزگایە دەکەن ئەم خاڵانە لە خۆ بگرێت أ- بەکار هێنانی پرۆگرام و سیستەمی دەزگاکە ب- سەرپەرشتی کردنی قوتابخانەکە لەڕووی پرۆگرام و سیتەمی ئەو دەزگایە و ناردنی ڕا پۆرتی ساڵانە ( ساڵی دوو ڕا پۆرت )<br>ج- ڕاهێنانی مامۆستایان + پەسەند کردنی تەواوی کتابەکانی پرۆگرام و سیستەمی خوێندنی ئەو دەزگایە لە لایەن وەزارەت .<br>دووەم /- هەر قۆناغێکی خوێندن تایبە تمەندی خۆی هەیە جگە لەو ڕێنماییە گشتیانە .<br>سێیەم /- ساڵی یەکەمی مۆڵەت ڕێگە بە کردنەوەی باخچەی ساوایان و پۆلەکانی (١- ٢- ٣ ) دەدرێت لە قۆناغی بنەڕەت وە تەنها پۆلی (١٠) لە قۆناغی ئامادەیی و پەیمانگە بۆ ساڵی دواتر ڕێگەی پێ دەدەرێت هەموو پۆلەکان بکاتەوە جگە لە قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان و پەیمانگەکان کە ساڵ بە ساڵ پۆلێك زیاد دەکات .<br>چوارەم /- ئەگەر کەسێك یان لایەنێك مۆڵەتی هەر سێ قۆناغەکانی ( باخچەی ساوایان + بنەڕەت + ئامادەیی ) هەبوو دەکرێ ناوی هەرسێکیان بکرێتە کۆمەڵگە ( ئەم ناوە هیچ جیاوکێکی تری نابێت جگە لە تازە کردنەوەی ساڵانەی مۆڵەت کە بەیەك مامەڵە دەبێت ) .بەهەمان شێوە ئەگەر پەیمانگەیەك زیاتر لە بەشێکی هەبوو دەکرێ ناوەکەی بگۆڕێ بۆ کۆمەڵگەی |

| | | |
|---|---|---|
| | دووەم:- پێویستە پرۆژەکە لەگەڵ بەها نیشتیمانی و پرنسیپە گشتی و تایبەتەکانی پەیڕەوکراو لە سیاسەتی فێرکاریی ناکۆک نەبێت.<br>سێیەم:- پێویستە پرۆژەکە خزمەتێك پێشکەش بە ئاما نجە پەروەردەییەکان بکات بە جۆرێك توانای یارمەتیدانی هەبێت لە باشترکردنی رۆڵی پەروەردەو فێرکردن یان نوێکردنەوە لە بواری بەرێوەبردنی قوتا بخانەکان و بەهێزکردن و گەشە پێکردنی کەسایەتی و کەناڵە پەروەردەییەکان. | پە یمانگەکان .<br>پێنجەم /- نابێ پرۆپاگەندە بۆ وەرگرتنی قوتابیان بکات پێش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت . |
| ٥ | <u>ماددەی پێنجەم</u><br>نابێت قوتا بخانە لەو شوێنەی ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە بگوازرێتەوە، تەنها پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت نەبێت، و پێویستە قوتا بخانەکە داواکارییێك بەم مەبەستە پێشکەش بە وەزارەت بکات، ئەویش، بەلای کەم، بەر لە دوو مانگ، تیایدا هۆیە پۆزەتیڤەکانی گواستنەوە بخاتە ڕوو. | <u>بە پێی فۆرمی ژمارە (٤)</u><br>بۆ ئەو مەبەستە پێویستە پشتگیری ( ئاسایش ، تەندروستی ، شارەوانی ، بەرگری شارستانی ، لیژنەی ئەهلی پارێزگە ) شوێنە تازەکە دەستەبەر بکات { فۆرمی ژمارە (٤) } . |
| ٦ | <u>ماددەی شەشەم</u><br>هەر ڕێککەوتنێکی نێوان وەزارەت وهەر لایەنێکی نێودەوڵەتی یان نیشتیمانی، بۆ کردنەوەی قوتا بخانە یان پە یمانگەی ناحکومی، هەمان ئەو مەرج و ڕێکارو ڕێنماییانەی کە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە، بەسەریدا پیادە دەکرێن. | لەگەڵ پشتگیری ئەو لایەنە نێو دەوڵەتییە یان نیشتمانییە و پەسەند کردنی لە لایەن باڵێۆزی عێراق لە وولاتە یان باڵێۆزی ئەو ولاتە لە عێراق . |
| ٧ | <u>ماددەی حەوتەم</u><br>یەکەم: ڕێگە بە هیچ حزب یان ڕێکخستنێکی سیاسی یان | |

| | | |
|---|---|---|
| | ئایینی نادرێت كە قوتابخانە یان پەیمانگەیەكی ناحكومی دا بمەزرێنێت.<br>دووەم: نابێت لە هیچ قوتابخانەیەك یان پەیمانگەیەكی ناحكومی رەمزو دروشمی ناكۆك لەگەڵ پرنسیپەكانی پێكەوەژیانی ئاشتەوایی یان ئایینی یان نەتەوەیی گەلی كوردستان بەكاربهێنرێت. | |
| ٨ | **ماددەی هەشتەم**<br>رەتكردنەوەو لێسەندنەوەی مۆڵەت بە بڕیاری وەزارەت دەبێت پاڵپشت بە بەڵگەو پاساوی یاسایی. | ١- پاڵپشت بە یاداشتی { بەڕێوەبەرانی گشتی پەیوەندی دار یان سەرپەرشتیاران یان بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ئەهلی لە وەزارەت }.<br>٢- دەكرێ خاوەن قوتابخانە داوای هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت بكات بەڵام پێویستە تا كۆتایی ساڵی خوێندن ( دوای تاقی كردنەوەكانی خولی دووەم ) دەوام بەردەوام بێت لە قوتابخانە . |
| ٩ | **ماددەی نۆیەم**<br>پێویستە گشت چالاكیەكانی فێركردنی نێو پرۆگرامەكانی خوێندنی قوتابخانەو و پەیمانگە ناحكومیەكان رێك بخرێن. | ئەو چالاكییانە لە پلانی ساڵانەی قوتابخانە پێش كەش دەكرێت ساڵانە پێش ٩/١ |
| ١٠ | **{ بەشی سێیەم – سەرپەرشتی كردن }**<br>**ماددەی دەیەم**<br>پێویستە لەسەر كەسی داواكاری دامەزراندنی قوتابخانەو پەیمانگەی ناحكومی پابەند بێت بە پێڕەو و رێنماییەكانی وەزارەت و مافی سەرپەرشتی كردنیان لەلایەن وەزارەتەوە | |
| ١١ | **ماددەی یازدەم**<br>یەكەم: پێویستە قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیەكان | |

| | | |
|---|---|---|
| | بەتەواوی پابەند بن بەو پرۆگرام و پەرتووکانەی فێرکردن و پێڕەوی ناوخۆ و سیستەمی هەڵسەنگاندن کە پێشتر پێشکەشی وەزارەتیان کردووەو لەسەر بنەمای ئەوانیش مۆڵەتیان وەرگرتووە.<br>دووەم: وەزارەت بۆی هەیە دووبارە چاو بخشێنێتەوە بە پرۆگرامی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان بەجۆرێك کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی بگونجێت. | |
| پێویستە وێنەیەك لە گرێ بەستی نێوان خاوەن قوتابخانەو بەڕێوەبەر و یاریدەدەران و توێژەری کۆمەلایەتی و مامۆستایان بنێرێ بۆ بەشی خوێندنی ئەهلی لە ( ب.گ.پ. پارێزگە ) سالانە پێش ٩/١ | **ماددەی دوازدەم**<br>وەزارەت هیچ بەرپرسایەتیەکی پەیوەست بە مافی کارمەندانی گرێبەستکار لەگەڵ قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان لەئەستۆ ناگرێت، و بەرپرسایەتیەکەی کورت دەبێتەوە سەر لایەنی فێرکاری و پەروەردەیی حکومەکانی ئەم یاسایە. | ١٢ |
| | **ماددەی سێزدەم**<br>لەگەڵ لانەدان لە بەرپرسێتی کەسایەتی یاسایی بەرامبەر گشت کارمەندانی دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەتدا، ئەوا ئەو لایەن و کەسانەی مۆڵەتی کارکردنی ئەم دامەزراوانەیان بەناوی خۆیان وەرگرتووە، راستەوخۆو بەتەواوی لەبەردەم وەزارەت و لەبەردەم لایەنە یاساییەکانی تردا لەم دامەزراوانە بەرپرسن. | ١٣ |
| | **ماددەی چواردەم**<br>ئەمانەی خوارەوە بە پێڕەوێك رێك دەخرێن لەگەڵ پاراستنی | ١٤ |

| | | |
|---|---|---|
| | **تايبه تمەندی قوتا بخانەو په يمانگه ناحكوميەكان :**<br><br>**يەكەم: ساڵنامەی جێگیری خوێندن و تاقیكردنەوەكان.**<br><br>**دووەم: بنەماو شێوازەكانی ئه نجامدانی تاقیكردنەوەكان.**<br><br>**سێیەم: پشووە فەرمی و پەروەردەییەكان.**<br><br>**چوارەم: وەرگرتنی قوتابیان و نوێكردنەوەی تۆماری ساڵانەیان.**<br>**پێنجەم: كردنەوەی خولی راهێنان بۆ مامۆستاو فەرمانبەران.**<br><br>**شەشەم: چۆنیەتی سەرپەرشتیكردنیان.** | **ساڵانه پێش ٩/١ پێشكەش دەكرێت .**<br><br>**پێش پێدانی مۆڵەت پێش كەش دەكرێت .**<br><br>**ساڵانه پێش ٩/١ پێشكەش دەكرێت .**<br><br>**شێوازی وەرگرتنی قوتابیان پێویسته پێش وەرگرتنی مۆڵەت پێشكەش بكرێت .**<br><br>**يەكەم/-قوتا بخانەو پە يمانگەی ناحكومی نا نێودەوڵەتیەكان سەرپەرشتی دەكرێن لەلایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری شان بەشانی قوتا بخانه حكومی یەكان .**<br>**دووەم /- قوتا بخانەو پە يمانگەی ناحكومی نێودەوڵەتیەكان سەرپەرشتی دەكرێن لەلایەن:-**<br>**١-سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری له بابەتەكانی { كارگێڕی ، زمانی كوردی ، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی ( ئەگەر خوێندن لەو قوتا بخانەیه بەو زمانه نەبوو ) ، پ. ئایین ، كۆمەڵایەتی }**<br>**٢- دەزگا نێودەوڵەتییەكه له بابەتەكانی { زانست ، بیركاری ، زمانی خوێندن ، جێ بەجێ كردنی سیستەمەكه }** |
| ١٥ | **{ بەشی چوارەم – تەلاری قوتا بخانه و پە يمانگه ناحكومی يەكان و پاشكۆكانيان }** | **به پێی فۆرمی ژمارە (٢)**<br>**١- ڕووبەری زەوی باڵەخانه لەم بڕانەی خوارە كەمتر نەبێت :-** |

| | | |
|---|---|---|
| باخچەی ساوایان (٤٠٠ م٢)، بنەڕەت و ئامادەیی (١٠٠٠ م٢)، پەیمانگەی وەرزشی (٦٢٥٠ م٢) و پەیمانگەکانی تر بە گشتی لە (١٠٠٠ م٢) بچووکتر نەبێت ،<br>٢- گۆرەپانی وەرزشی و باخچە و کتێبخانە و کافتریا و هۆڵ ی تێدابێت **بە پێی پێویست** .<br>٣- ڕووبەری ژوورەکانی خوێندن لە(٤×٦م٢) بچووکتر نەبێت و ژمارەی قوتابیان بۆ هەر (١,٥م٢) یەك قوتابی زیاتر نەبێت وە بۆ باخچەی ساوایان ژمارەی ژوورەکانی خوێندن لە (٢) کەمتر نەبێت وە ڕووبەری ئەو ژوورانە لە ٥×٦م٢ بچووکتر نەبێت .<br>٤- بۆ هەر (٣٠) قوتابی یەك تەوالێت هەبێت . | **ماددەی پازدەم**<br>پێویستە تەلاری قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان، ئەو مەرج و ستاندەرە هونەری و زانستی و پەروەردەیی و تەندروستیە لەخۆ بگرێت کە لە لایەن وەزارەتەوە دیاری دەکرێن. | |
| ئەگەر فەرمانبەر بوو ، بە پێی ماددەی { شەشەم + حەوتەم } لە یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٩١ هەموار کراو { زنجیرە (٢) ی سەرەوەی ئەم ڕێنماییانە } پێویستە ڕەزامەندی وەربگرێت . | **{ بەشی پێنجەم – مامۆستا و فەرمانبەرانی قوتابخانە و پەیمانگە نا حکومی یەکان }**<br>**ماددەی شازدەم**<br>پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت :<br>یەکەم: - بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت، و سەلامەتی تەندروستی شیاو بێت بۆ کارکردن لەم پیشەیە دا .<br>دووەم: - بەبەڵگەنامەیەکی پزیشکی پەسەندکراو لە لایەن لێژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە بسەلمێنێت کەوا لە ڕووی تەندروستیەوە گونجاوە لەم پیشەیە دا کاربکات .<br>سێیەم: - پێویستە لە ڕووی پەروەردەییەوە لێهاتوو بێت و ماوەی خزمەتکردنی لە بواری پەروەردەییدا لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت .<br>چوارەم: - پێویستە بە تاوانێکی ئابروو بڕ حوکم | ١٦ |

| | | |
|---|---|---|
| | نەدرابێت و بە سزاییکی پەروەردەیی بەرچاو سزا نەدرا بێت. | |
| ١٧ | **ماددەی حەڤدەم**<br>یەکەم : - پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە لە ئەندامانی دەستەی مامۆستایان و وانەبێژان بێنەدی:<br>پێویستە دەرچووی زانکۆ یان پە یمانگە یان خولی پێگەیاندنی بواری پەروەردەو فێرکردن بێت .<br>لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەییەوە لێهاتوو بێت.<br>دووەم :- پێویستە ڕێژەی ئەندامە هەمیشەییەکانی دەستەی مامۆستایان لە (٨٠٪)ی گشتی کارمەندە وانەبێژەکان کەمتر نەبێت. | مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی بابەتە زانستی یەکان بە زمانی ئینگلیزی دەڵێنەوە باشترە ئەگەر هەڵگری بڕوانامەی جیهانی بن لەو زمانـــە وەك ( تۆفل ) لە قوتابخانە ئەهلیە نێودەوڵەتییەکان و قۆناغی ئامادەیی نا نێودەوڵەتییەکان . |
| ١٨ | **ماددەی هەژدەم**<br>ڕێکخستی سوود وەرگرتنی قوتابخانەو پە یمانگە ناحکومیەکان لە ئەندامانی دەستەی مامۆستاو وانەبێژو فەرمانبەرانی وەزارەت بە ڕێنمایی دەبێت کە وەزارەت دەری دەکات. | ١-مامۆستای وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە لە قوتابخانە ناحکومی یەکان وەك وانەبێژ کار بکات بەمەرجێ :-<br>أ- لە پاش دەوامی فەرمی قوتابخانەکەی خۆی بێت .<br>ب- پشتگیری پەروەردەی قەزاو قوتابخانەکەی بەدەست بهێنێ .<br>٢- فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتەکانی تر بۆیان هەیە پاش تەواو بوونی دەوامی فەرمی خۆیان کار لەم قوتابخانانە بکەن بە پێی مادەەی { شەشەم + حەوتەم } لە یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٩١ هەموار کراو { زنجیرە (٢) ی سەرەوەی ئەم ڕێنماییانە }<br>٣- سەرپەرشتیارانی پسپۆری و پەروەردەیی بۆیان نیە وەك دەستەی کارگێڕی یان فەرمانبەر یان بە شێوەی وانەبێژ کار لەم قوتابخانانە بکەن .<br>٤- بەڕێوەبەر و یاریدەدەری قوتابخانە حکومی یەکان دەتوانن بە شێوەی وانەبێژ وفەرمانبەری کارگێڕی لەو قوتابخانە ناحکومی یانە کار بکەن بەڵام بۆیان نیە وەك بەڕێوەبەر یان یاریدەدەر کار |

| | | |
|---|---|---|
| | | بكەن .<br>٥- وەزارەتی پەروەردە یاریدەدەر بە شێوەی كاتی ( تنسیب ) دابین دەكات بۆ قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومی یە نێودەوڵەتی و بیانییەكان . |
| ١٩ | **ماددەی نۆزدەم**<br>یەكەم : - بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیەكان بەرپرسن لە دابینكردنی ماف و جیاوكە ماددی و مەعنەوییەكانی مامۆستاو فەرمانبەرەكانیان لە ماوەی خزمەتكردنیان لەو قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیانەدا .<br>دووەم :- ماوەی خزمەتی مامۆستاو فەرمانبەران لە قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیەكاندا بۆ مەبەستی بەرزكردنەوەو سەرمووچەو خانەنشینی هەژمار دەكرێت.<br><br>سێیەم :- بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیەكان بە گوێرەی پێویستیان بۆ پسپۆڕییەكانی وانەگوتنەوە پاش ڕەزامەندی یەكەی سەرپەرشتیكردن، داوای دامەزراندنی مامۆستایان لە وەزارەت دەكات و وەزارەتیش لە ڕێگەی لیژنەیەكی پسپۆڕ لەسەر بنەمای ستاندەرە یاسایی و زانستیەكان و بە بڕیاری وەزیر ڕەزامەندی دەردەبڕێت.<br><br>چوارەم :- نابێت قوتابخانەو پەیمانگەی ناحكومی | ١-جگە لە وانەبێژان ، بەمەرجێ دەستەبەری كۆمەلایەتی دابین بكەن .<br>٢- ئەو مامۆستایانەی بە شێوەی میلاك لەو قوتابخانانە دادەمەزرێن ، سەرپەرشتی دەكرێن هەروەك مامۆستایانی حكومی وە بۆیان هەیە ببنە ئەندام لە یەكیەتی مامۆستایانی كوردستان .<br><br>سالانە پێش ٧/١ پێویستی خۆیان لە ڕێگەی ( ب.گ.پ. پارێزگە ) بەرز دەكەنەوە بۆ وەزارەت پاش پەسەندكردنی لەلایەن یەكەی سەرپەرشتیاری پەروەردەی قەزا ، دواتر وەزارەت ڕەزامەندی پەیوەندی دار وەردەگرێ بۆ دامەزراندنیان بە شێوەی خواستن بۆ ماوەی (٥) ساڵ بەومەرجانەی وەزارەت دیاری دەكات ، وە پاش ئەو (٥) ساڵە بۆیان هەیە درێژە بدەن بە خزمەت كردن لەو قوتابخانە ئەهلییە ( بەمەرجێ لە ساڵێك كەمتر نەبێت ) یان بگوازرێنەوە بۆ سەر كەرتی گشتی و بە پێی یاسای خزمەتی دەرەوەی شار دابەش دەكرێن . وە لەماوەی كار كردنی لە كەرتی تایبەت هەموو ئەرك و مافی مامۆستای كەرتی گشتیان دەبێت<br><br>١-ئەگەر بە ڕەزامەندی هەردوو لابوو ، ئاساییە . |

| | | |
|---|---|---|
| | بەبێ پاساوی یاسایی و بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت دەست بەرداری ماموٚستاو فەرمانبەرانی بێت.<br><br>پێنجەم :- پێویستە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان ئەو تۆمارانە بگرنەدەست کەوا یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەرجی داناون بۆ جێگیرکردنی مافی کارمەندەکانی لە ماموٚستاو فەمانبەر و کار گوزارەکان. | ٢- ئەگەر یەکێ لە لایەنەکان ڕەزامەند نەبوو ، ئەوا لە ڕێگەی ( ب.گ.پ. پارێزگە ) یان وەزارەت یەکلا دەکرێتەوە.<br><br>پێویستە وێنەیەك لەنووسراوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەو کارمەندانە بەرز بکرێتەوە بۆ وەزارەت |
| ٢٠ | **{ بەشی شەشەم – پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستەمی وەرگرتن و تاقی کردنەوەکان }**<br>**ماددەی بیستەم**<br>قوتابخانەی تایبەت بە ڕەوەند یان پەنابەران، مافی خۆیانە زمانی فەرمی خۆیان لە خوێندن و فێرکردندا بەکاربهێنن، بەمەرجێك زمانی کوردی تیایدا بخوێندرێت بە پێی پرۆگرامێکی تایبەت کە وەزارەت بڕیاری لەسەر دەدات. | ١- پێویستە ئەو پرۆگرامە پەسەند بکرێت لە (ب.گ. پرۆگرام) .<br>٢- خوێندنی زمانی ( عەرەبی ) ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ ئەو ڕەوەندانە. |
| ٢١ | **ماددەی بیست و یەکەم**<br>پرنسیپە بنەڕەتیەکانی وەرگرتنی قوتابیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:<br>یەکەم :- وەرگرتنی قوتابیان لە قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکاندا بەدەر دەبێت لە مەرجی تەمەن و تێکڕای متمانە پێکراو لە سیستەمی وەرگرتن لە قوتابخانە | جگە لە پۆلی (١) ی بنەڕەت پێویستە (٦) ساڵ تەمەن تەواو بکات لە قوتابخانە نا نێودەوڵەتییەکان . |

| | | |
|---|---|---|
| | حكوميەكاندا.<br>دووەم:- قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیەكان لە كاتی دیاریكراودا هەڵدەستن بە پێشكەشكردنی پلانی وەرگرتنی قوتابیان بە وەزارەت و پاش ڕەزامەندی وەزارەت لیستێك بەناوەكانیان پێشكەشی وەزارەت دەكرێت بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەریاندا.<br><br>سێیەم:- كواستنەوەی قوتابیان لە قوتابخانەو پەیمانگە حكومیەكان بۆ قوتابخانەو پیە یمانگە ناحكومیەكان و بێچەوەانەوە، بە پێی سیستەمی تایبەت بە وەرگرتن دەبێت. | ١- پلانی وەرگرتنی قوتابیان پێش پێدانی مۆڵەت پێش كەش دەكرێ .<br>٢- پێویستە گرێ بەستێك هەبێ لە نێوان قوتابخانەی ناحكومی و بەخێوكاری قوتابی لەكاتی وەرگرتن { فۆرمی ژمارە (٧) }.<br><br>١- لەكاتی گواستنەوەی قوتابی لە نێوان قوتابخانە حكومی و ناحكومییەكان بە پێی بڕوانامەی فەرمی یان هەموار كراو لە پۆلی دیاری كراو لەو بڕوانامەیە وەردەگیرێ .<br>٢ - قوتابخانە نێودەوڵەتییەكان كار بە بڕوانامەی نێودەوڵەتی خۆیان دەكەن ، وە لەكاتی گواستنەوەی قوتابی بۆ قوتابخانەی نانێودەوڵەتی پێویستە بڕوانامەكەیان هەموار بكەنەوە . |
| ٢٢ | **ماددەی بیست و دووەم**<br>مافی قوتابیانی قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیەكان وەك مافی قوتابیانی دامەزراوە حكومیەكان پارێزراو دەبێت. | |
| ٢٣ | **ماددەی بیست و سێیەم**<br>مافی پەسەندكردنی بڕوانامەو یەكسانكردنی و بەڵگەنامەكانی دەرچوون لە قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیەكان بۆ وەزارەت پارێزراوە. | |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٤ | **{ بەشی حەوتەم – سیستەمی کارگێڕی و دارایی }**<br>**ماددەی بیست و چوارەم**<br>لە هەر قوتابخانەیەك یان پەیمانگەیەکی ناحکومی بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجومەنێکی کارگێری پێك دەهێنرێت :<br>یەکەم :- خاوەنی قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی، وە ئەگەر خاوەندارێتی بەکۆمەڵ بێت، ئەوا نوێنەرێك بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن.<br>دووەم :- بەڕێوەبەری قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی.<br>سێیەم :- دوو نوێنەر لە دەستەی مامۆستایان.<br>چوارەم :- توێژەری کۆمەلایەتی قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی. | کارەکانی ئەو ئەنجومەنە بریتی دەبن لە :-<br>١-دانانی پلانی ساڵانەی خوێندن .<br>٢- سەرپەرشتی ئاستی زانستی و کارگێڕی و پەروەردەیی قوتابخانە.<br>٣- جێ بەجێ کردنی تەواوی یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەت .<br>٤- ڕا پەڕاندنی کاروباری دارایی . |
| ٢٥ | **ماددەی بیست و پێنجەم**<br>کاروباری دارایی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان مل کەچی یاسا داراییە کارپێکراوەکان و دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم دەبن. | ١- دەستە بەری مسۆگەر ( کفالە چامنە ) بەڕێژەی ٥٪ ی داهاتی ژمارەی قوتابیان وەردەگیرێ ، وە ساڵانە ئەودەستەبەرە تازە دەکرێتەوە :-<br>٢- پێدانی رەسمی مۆڵەت بەم بڕانەی خوارەوە لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەت :-<br>أ-قۆناغی باخچەی ساوایان ، بڕی { یەك ملیۆن } دینار .<br>ب- قۆناغی بنەڕەت، بڕی { دوو ملیۆن } دینار .<br>ج- قۆناغی ئامادەیی ، بڕی { سێ ملیۆن } دینار .<br>د- قۆناغی پەیمانگە، بڕی { پێنج ملیۆن } دینار . |

| | | |
|---|---|---|
| | | ٣- پاش وەرگرتنی مۆڵەت ، بۆ ساڵی دووەم تازە دەكرێتەوە ، دواتر هەر دوو ساڵ جارێك پێویستە تازە بكرێتەوە ، ڕەسمی تازە كردنەوەش بە نیوەی ئەو بڕانە دەبێت كە لە خاڵی (٢) ی سەرەوە دیاری كراوە {بە پێی فۆرمی ژمارە (٣)}.<br>٤- لەو ساڵانەی كە مۆڵەت تێیدا تازە ناكرێتەوە ، پێویستە ژمارەیەك زانیاری بنێرێ بۆ (ب.پ. پارێزگە) بە پێی فۆرمی ژمارە (٥).<br>٥- تازە كردنەوەی ساڵانەی مۆڵەت پێش ٩/١ دەبێت ، وە ئەگەر دواكەوت تا ٩/٣٠ سزا دەدرێت بە بڕی (١٠) ملیۆن دینار و ماوەی (١٥) ڕۆژی تری پێ دەدەرێت ، وە ئەگەر لە وماوەیە تەواو نەكرا پێشنیازی داخستنی ئەو قوتابخانە ناحكومیە دەكرێت لە كۆتایی وەرزی یەكەم. |
| ٢٦ | **{ بەشی هەشتەم – حوكمی گشتی }**<br>**ماددەی بیست و شەشەم**<br>لە حاڵەتی پابەند نەبوونی ئەنجومەنی كارگێڕی قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحكومی بە حوكمەكانی ئەم یاسایە، ئەوا لە وەزارەت لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە پێك دەهێنرێت، كە پێویستە لەسەری ڕاپۆرتێك دەربارەی حاڵەتەكە بۆ وەزارەت بەرز بكاتەوە بۆ دەركردنی یەكێك لەم بڕیارانەی خوارەوە:<br>یەكەم: - دەستگرتن بەسەر قوتابخانە یان پەیمانگە ناحكومیەكەدا بەشێوەیەكی كاتی و بەڕێوەبردنی لە لایەن وەزارەتەوە تاوەكو كێشەكان بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە چارەسەر دەكرێن.<br>دووەم:- ئەگەر كێشەكە بەردەوام بوو ئەوا مۆڵەتەكە هەڵدەوەشێندرێتەوە و قوتابخانە یان پەیمانگە | بۆ ماوەی (١٠-٣٠) ڕۆژ بەڕێوە دەبرێت لە لایەن لیژنەیەك لە سەرپەرشتیارانی (ب.پ. قەزا)<br>ئەگەر كێشەكە لەماوەی ئەو (٣٠) ڕۆژە چارەسەر نەكرا ، مۆڵەتەكە بە فەرمانی وەزاری هەڵدەوەشێتەوە و هەمان لیژنە بەردەوام دەبن لەسەر بەڕێوەبردنی قوتابخانە تا كۆتایی ئەو |

| | | |
|---|---|---|
| | **ناحکومیەکە دادەخرێت.** | **وەرزەی خوێندن وە ئەگەر قوتابخانەکە نێودەوڵەتی بوو تا کۆتایی ساڵی خوێندن ، وەلەسەر ئەرکی قوتابخانە بەڕێوە دەبرێت بەسوود وەرگرتن لـــە دەستەبەری مسۆگەر { کفالە چامنە } و داهاتی ئەو ساڵەی قوتابخانە .** |
| ٢٧ | **<u>ماددەی بیست و حەوتەم</u>**<br>**خاوەنی قوتابخانە یان پەیمانگە ناحکومیەکە مافی هەیە تانە لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت یان داخستنی قوتابخانە یان پەیمانگە ناحکومیەکە بدات لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا لە ماوەیەك کە لە حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێ ڕاگەیاندنی تێپەڕ نەکات و ئەنجومەنیش لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکارییەکە، بڕیاری کۆتایی خۆی دەردەکات، و بڕیارەکەش شیاوی تانە لێدان دەبێت لە بەردەم دادگای کارگێڕیدا.** | |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٨ | **<u>ماددەی بیست و هەشتەم</u>**<br>**هەر قوتابخانەیەك یان پەیمانگەیەكی ناحكومی سەرپێچی حوكمەكانی ئەم یاسایە بكات، ئەوا بە غەرامەیەك كە لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دیناری عێراقی كەمتر نەبێت و لە (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) سەدو پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت.** | **١-سزای سەرپێچی یەكەم { ٠٠٠ ٠٠٠ ١٠ دینار }و (١٥) ڕۆژ مۆڵەت دەدرێت بۆ چارەسەركردنی .**<br>**٢- سزای سەرپێچی دووەم لەهەمان ساڵی خوێندن { ٠٠٠ ٠٠٠ ٢٠ دینار }و مۆڵەتی (١٠) ڕۆژ .**<br>**٣- سزای سەرپێچی سێەم لەهەمان ساڵی خوێندن { ٠٠٠ ٠٠٠ ٢٥ دینار }و مۆڵەتی (٧) ڕۆژ**<br>**٤- هەر سەرپێچی یەك لەو سەرپێچیانەی سەرەوە لەماوەی دیاری كراوی خۆی چارەسەر نەكرا بڕی سزاكە دووبارە دەكرێتەوە بەزیاد بوونی { ٠٠٠ ٠٠٠ ٥ ( پێنج ملیۆن ) دینار }و ماوەی (٥) ڕۆژی تری پێ دەدرێت بۆ چارەسەر كردنی .**<br>**٥- ئەگەر لەماوەی دیاری كراو یەكێ لەو سەرپێچیانە چارەسەر نەكرا وە یان ژمارەی سەرپێچی یەكانی قوتابخانە لەهەمان ساڵ (٣) یان زیاتر بوو ، ئەوا بە پێی ماددەی (٢٦) ی سەرەوەی ئەم ڕێنماییانە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێ .**<br>**٦- بڕی سزای ئەو سەرپێچیانەی سەرەوە بۆی هەیە زیاد بكات بە پێی جۆری سەرپێچی وە پاش ڕەزامەندی جەنابی وەزیر .**<br>**٧- جۆری سەرپێچی یەكان لە لایەن لیژنەكانی ئەهلی دیاری دەكرێت پاش ڕەزامەندی جەنابی وەزیر بەمەبەستی سزا دان .** |
| ٢٩ | **<u>ماددەی بیست و نۆیەم</u>**<br>**لە حاڵەتی داخستنی قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحكومی بە شێوەیەكی هەمیشەیی، ئەوا وەزارەت هەڵدەستێت بە گواستنەوەی قوتابییەكانی بۆ قوتابخانەیەك یان پەیمانگەیەكی حكومی یان ناحكومی هاوشێوە ، و بەبێ ئەوەی ساڵی خوێندنیان لە كیس بچێت.** | |
| ٣٠ | **<u>ماددە ی سیـــــــەم</u>**<br>**پێویستەلەسەر قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیە مۆڵەتدراوەكان، لە ماویەك كە لە سەرەتای ساڵی خوێندن** | **وەبە پێچەوانەشەوە مۆڵەتەكە تازەناكرێتەوە .** |

| | | |
|---|---|---|
| | ٢٠١٣-٢٠١٤ تێپەرنەكات، خۆیان بگونجێنن لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا. | |
| ٣١ | **ماددەی سی و یەكەم**<br>قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیەكان بە پشكنینی تەكنیكی و كارگێری وەزارەت پابەند دەبن، و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی قوتابخانەكان ، لە ڕووی تەندروستی و چارەسەرییەوە، سەرپەرشتی ئەم قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیانە دەكات. | |
| ٣٢ | **ماددەی سی و دووەم**<br>نابێت قوتابی یان كەسوكاری بە ئەركی دارایی یان پێ بەخشین لە قوتابخانەو پەیمانگە ناحكومیەكاندا پابەند بكرێن جگە لە كرێی خوێندن نەبێت. | ١-نرخی خوێندن نرخەكانی تەنها ( خوێندن ) دەگرێتەوە .<br>٢-كتابەكانی خوێندنی كوردی ، عەرەبی ، سریانی ، توركمانی بێ بەرامبەر دەدرێ بەو قوتابخانانە و ئەوانیش بێ بەرامبەر دابەشی سەر قوتابیانی دەكەنەوە .<br>٣-كتابەكانی خوێندنی ئینگلیزی بەرامبەر بڕە پارەیەك { وەزارەت / ب.گ.دیوان } دیاری دەكات دەدرێتە ئەو قوتابخانانە وە بە هەمان ئەو بڕە پارانە دەدرێتەوە بە قوتابیان .<br>٤-كتابەكانی قوتابخانە نێودەوڵەتییەكان ، پێش دابەش كردنیان بەسەر قوتابیان پێویستە ڕەزامەندی ( وەزارەت / ب.گ.دیوان ) وەربگرێ بە نرخەكانیان .<br>٥-نرخی خواردن و هاتو چۆ و جل و بەرگ ، پێویستە ڕەزامەندی ( ب.گ.پ. پارێزگە ) ی پێ وەربگیرێ .<br>٦- ئەگەر هەرپارەیەكی تر وەرگیرا پێویستە پێشەكی ڕەزامەندی ( ب.گ.پ. پارێزگە ) ی پێ وەربگیرێ . |
| ٣٣ | **ماددەی سی و سێیەم**<br>پێویستە لەسەر وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات. | |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٤ | **<u>ماددەی سی و چوارەم</u>**<br>پێویستە لە سەر ئە نجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن. | |
| ٣٥ | **<u>ماددەی سی و پێنجەم</u>**<br>کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت. | |
| ٣٦ | **<u>ماددەی سی و شەشەم</u>**<br>ئەو یاسایە لە ڕێکەوتی بلاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دا جێبەجێ دەکرێت . | |
| ٣٧ | **<u>هۆیە پێویستکارەکان</u>**<br>لەبەر زێدەبوونی ڕووکردن لە دامەزراندنی قوتا بخانە و پە یمانگەی ناحکومی لە هەرێمدا و بەمەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا لە گشت تەوەرەکاندا ، و لە پێناوی هاندانی ململانێی زانستی و وەبەرهێنانی نیشتمانی و بیانی لەم بوارەدا و دابینکردنی دەرفەتی فێرکردن بۆ هەمووان و باشتر کردنی ڕۆڵی ئەم قوتا بخانە و پە یمانگەیانە لە گەشە پێدانی سەرچاوەی مرۆیی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە ، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا . | |
| ٣٨ | **<u>جۆراوجـــــۆر</u>** | بەش و لیژنەکانی ئەهلی :-<br>یەکەم/- بەشەکان :-<br>١-لە دیوانی وەزارەت :- ( بەڕێوەبەرایەتی قوتا بخانە و پە یمانگە ناحکومییەکان ) |

| | | |
|---|---|---|
| | | ٢- لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان:- ( بەشی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان )<br>٣- لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان :- ( هۆبەی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان ) |
| ٣٧ | | هەنگاوەکانی وەرگرتنی مۆڵەت :-<br>١- پێش کەش کردنی داواکاری لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومی یەکان لە دیوانی وەزارەت بە پێی فۆرمی ژمارە (١) .<br>٢- وەرگرتنی ڕەزامەندی جەنابی وەزیر یان (ب.گ.) پەیوەندی دار .<br>٣- پشتگیری کردنی داواکە بە نووسراوێك بۆ (ب.گ.پ. پارێزگە) .<br>( دوای وەرگرتنی ئەم نوسراوە دەتوانێ ڕیکلام بکات بۆ قوتابخانەکە ) .<br>٤- (هۆبەی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان ) نووسراو دەکات بۆ ئەم لایەنانە { شارەوانی ،تەندروستی ، باجی دەرامەت ، نەهێشتنی تاوان ، بەرگری شارستانی ، ئاسایش } بەمەبەستی بەدەست هێنانی پشتگیریان.<br>٥- داوا کردنی ئەم بەڵگەنامانە لەخاوەن قوتابخانە :-<br>{ ژیاننامەی بەڕێوەبەر ، خشتەی دابەش کردنی وانەکان، بڕوانامەی هەموو مامۆستا و کارمەندان ، وێنەیەك لە گرێ بەستی هەموو کارمەندان ، تاپۆ ، گرێ بەستی کرێ ی بینای قوتابخانە ، کەشفی لیژنەی پارێزگە، کەفالەی مسۆگەر ، پشتگیرییەکانی خاڵی (٤) ، بەڵێن نامە لە دادنووس } .<br>٦- ناردنی هەموو پێداویستی و بەڵگەنامەکان بۆ {ب. قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان لە دیوانی وەزارەت بە پێی فۆرمی ژمارە (٢) } .<br>٧- وەرگرتنی ڕەزامەندی ( ب. باخچەکان، ب.ف. پیشەیی ، ب. پەیمانگەکان ، ب.ف. بنەڕەت ، ب.ف. ئامادەیی } بە پێی پەیوەندی بەمەبەستی ڕەچاو کردنی |

| | | |
|---|---|---|
| | | **تایبه تمەندی   قۆناغەکان .**<br>**٧- وورد  بینی  کردنی  مامەڵەکەو  ناردنی  بۆ جەنابی  وەزیر   بەمەبەستی ڕەزامەندی وەرگرتن  لە لایەن لیژنەی وردبینی وەزارەت**<br>**٨- واژۆ کردنی گرێ بەست لە نێوان وەزارەت و خاوەن قوتا بخالنە .**<br>**٩-  وەرگرتنی رەسمی  پێدانی مۆڵەت بە  پێی  پسوولەی  ژمارە ( ٣٧أ ) .**<br>**٩-  دەرچواندنی   فەرمانی  وەزاری  بە  مۆڵەت  دان .**<br>**١٠ - ئەگەر ڕەگەزی قوتا بخانەکە ( کچان ) بوو ،  پێویستە بەڕێوەبەر  و  توێژەری کۆمەلایەتی  لە  هەمان ڕەگەز  بێت   وە ئەگەر ڕەگەزی  قوتا بخانە(  تێکەڵ  )   بوو ،  پێویستە بەڕێوەبەر  یان   یەکێ لە یاریدەدەرەکان  لە  ڕەگەزی ( مێ )  بێت   وە دوو توێژەری کۆمەلایەتی  هەبێت  لە   هەردوو ڕەگەز .** |

**چەند ڕوون کردنەوەیەك لەسەر یاسا و ڕێنماییەکانی  خوێندنی ئەهلی**

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

**١- لیژنەیەکی بالا  لە وەزارەت   پێك هاتووە  بۆ سەرپەرشتی کردنی قوتا بخانە   ئەهلیە نێو دەوڵەتییەکان .**

**٢- یەکەیەکی سەرپەرشتیاری  تایبەت   پێك دێت لە هەریەکە لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتی یەکانی   پەروەردە   تایبەت دەبێت بە  سەرپەرشتی کردنی قوتا بخانە ئەهلییەکان (  نا  نێودەوڵەتیەکان ) .**

**٣-   باشتر وایە مۆڵەتی مەرج دار  بدرێت بە کۆمپانیا یان گروپ  یان کەسانی باوەڕ پێ کراو { خۆماڵی  و   بیانی } بۆ  دروست کردنی  کۆمەڵگەی پەروەردەیی   ئەهلی نێو دەوڵەتی   دوای  پێش کەش کرد چەند   بەڵگەنامەیەکی پێویست وەك  {  نەخشەی تەواوی   تەلاری کۆمەڵگە ،  بەڵێن نامەیەکی پەسەند کراو لە فەرمانگـــەی دادنووس**

( تايبەت بە پابەند بوون بە ياسا و ڕێنماييەكانى وەزارەت و دياری كردنی كاتی دەست پێ كردنی دەوام ) ، ڕەزامەندی دەزگايەكی پەروەردەيی نێودەوڵەتی بۆبەكار هێنانی پرۆگرام و سيستەمی ئەو دەزگايە ، پلانی ساڵانەی خوێندن ، سيستەمی تاقی كردنەوە بەتايبەتی لە پۆلەكانی دوا قۆناغی خوێندن ، ياساو ڕێسای وەرگرتنی قوتابيان ، ساڵنامەی خوێندن ، كەفالەيەكی دارايی بە بڕی ٥٪ ی پرۆژەكە } .

٤- دەوامی قوتابخانە ئەهلييەكان پێويستە هەفتانە پێنج ڕۆژ بێت ( جگە لە ڕۆژانی هەينی و شەممە ) وە ڕۆژانە نابێ لە ( ٦ ) كاتژمێر كەمتر بێت ، ڕۆژانی شەممەش تەرخان دەكرێت بۆ ئەنجام دانی چالاكييەكانی قوتابخانە وەك { كۆبوونەوەكان ، چالاكييە هونەری و زانستی و ڕۆشنبيری ، گەشتەكان ، وانەكانی بەهێز كردن بۆ قوتابيە ئاست لاوازەكان ، ........... }

٥- پێك هێنانی ئەنجومەنێك بۆ بەخێوكاران كە بۆی هەبێت ڕای خۆيان دەربڕن لەسەر داڕشتنی پلانی قوتابخانە و گۆڕينی ڕێنماييەكانی تايبەت بە قوتابخانە

٦- پێك هێنانی ئەنجومەنێكی تايبەت بە قوتابی و خوێندكاران بە جۆرێك كە بۆيان هەبێت ڕای خۆيان دەربڕن لەسەر داڕشتنی پلانی قوتابخانە و هەر بڕيارێكی تر سەبارەت بە قوتابيان .

٧- ڕەچاو كردنی هاتوچۆی كەم ئەندامان لەناو تەلاری قوتابخانە .

٨- ڕێژەی ٨٠٪ ی مامۆستايانی ميلاك ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :-

أ- ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی مۆڵەتی بێ مووچەيان هەيە .

ب- دەرچووانی كۆلێژ و پەيمانگەكان ( ئەوانەی دانەمەزراون ) كە بەشێوەی خواستن لە قوتابخانە ئەهلييەكان دادەمەزرێن بە گرێ بەست يان بۆ ماوەی پێنج ساڵ

ج- ئەو مامۆستايانەی لەسەر ميلاكی قوتابخانە حكومی يەكانن و بەشێوەی خواستن لە قوتابخانە ئەهلييەكان دەوام دەكەن .

د- بەڕێوەبەر و ياريدەدەر پێويستە لەناو ئەو ڕێژەيە بێت .

٩- ڕێژەی ٢٠٪ مامۆستایان بریتین لە :-

ئەو مامۆستا حکومیانە ی بەشێوەی وانەبێژ وانە دەڵێنەوە بەمەرجێك لەدوای تەواو بوونی دەوامی فەرمی قوتا بخانەکانی خۆیان بێت .

مامۆستایان ی خانەنشین کراو .

١٠- ئەگەر خاوەن قوتا بخانە مامۆستا بوو لە سنووری وەزارەتی پەروەردە پێویستە بە شێوەی خواستن بگوازرێتەوە بۆ قوتا بخانە ئەهلییەکە بە پێی ڕێنماییەکانی خواستن .

١١- دامەزراندنی مامۆستایان بە شێوەی خواستن بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە قوتا بخانە ئەهلیەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

هەموو قوتا بخانەیەکی ئەهلی بۆی هەیە دەرچووانی کولێژ و پە یمانگە دا بمەزرێنێت بەشێوەی خواستن بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەمەرجێ بڕوانامە پسپۆرییەکەی هاوتا بێت لەگەڵ مەرجەکانی دامەزراندنی مامۆستایان لە کەرتی گشتی .

بڕی مووچە ی ئەو مامۆستایانە بە پێی ڕێکەوتن دەبێت لە نێوان خاوەن قوتا بخانە و مامۆستاکە.

ج- دەوامی ئەو مامۆستایە لە پشووی هاوین بە پێی ڕێکەوتن دەبێت لە نێوان خاوەن قوتا بخانە و مامۆستای دامەزراو .

د- ناوی ئەو مامۆستایانە لە لایەن ( ب.گ.پ. پارێزگە ) بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەت پاش پەسەند کردنی لە لایەن یەکەی سەرپەرشتیاری تایبەت بە قوتا بخانە ئەهلییەکان ، دواتر فەرمانی وەزاری بە دامەزراندنیان دەردەچێت .

ه- مامۆستای دامەزراو پێویستە پێنج ساڵی خوێندن لە قوتا بخانە ناحکومی یەکان تەواو بکات بە سەرکەوتوویی ( پاڵپشت بە هەڵسەنگاندنی ساڵانەیان لە لایەن یەکەی سەرپەرشتیاری تایبەت بە قوتا بخانە ئەهلییەکان ) دوای ئەو پێنج ساڵە بۆی هەیە داوای گواستنەوە بکات لە قوتا بخانە ئەهلییەکان بۆ

سەر میلاکی کەرتی گشتی وە مامەڵەی یاسای ١٠٣٤ ی لەگەڵ دەکرێت . وە ئەگەر پێنج ساڵی تەواو نەکرد و بۆ ماوەی ساڵێك یان زیاتر دابڕا بە بێ هۆ ئەوا دامەزرانەکەی هەڵدەوەشێتەوە بەڵام ماوەی خزمەت کردنەکەی بۆ هەژمار دەکرێ .

و- ئەو مامۆستایانەی بەم شێوەیە دادەمەزرێن بۆیان نیە کە فۆرمی دامەزراندن لە کەرتی گشتی پڕ بکەنەوە .

ز- پێویستە مانگانە بڕە پارەی تایبەت بە خانەنشینی ( توقیفات تقاعدیە ) یان لێ وەربگیرێ و لە ڕێگەی ( ب.گ.پ. پارێزگە ) بنێردرێ بۆ ( بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پارێزگە ) .

١٢- خاوەن قوتابخانە پێویستە لە فەرمانگەی دادنووسی بەڵێن بدات کە لێپرسراوە لە ڕاستی ئەو زانیاریانەی بە وەزارەتی دەدات هەروەها ڕاستی بڕوانامەی مامۆستا و فەرمانبەرانی قوتابخانە ( بیانی و خۆماڵیەکان ) .

١٣- قوتابی بە چ نرخێك ناونووس کرا پێویستە ئەو نرخە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە تا لەو قوتابخانەیە بەردەوام دەبێت ، بەڵام دەکرێ ئەو نرخە بۆ قوتابیانی تازە وەرگیراو بگۆڕێت بە ئارەزووی خاوەن قوتابخانە .

١٤- جەخت بکرێت لەسەر دانانی کاتی ( تنسیب ) یاریدەدەرێکی کارگێڕی بۆ قوتابخانە نێو دەوڵەتی و بیانییەکان .

١٥- هەڵگرتنی ووشەی ( ئێواران ) لەسەر تایتلی قوتابخانە ئەهلیەکان لەبەر ئەوەی بە پێی یاسا نوێی خوێندنی ئەهلی تەمەن ڕێگر نیە لەسەر بەردەوام بوون لەخوێندنی ئەهلی .هەموو قوتابخانەیەکی ئەهلی بۆی هەیە کە خوێندن بەزمانەکانی ( کوردی ، ئینگلیزی ، توکمانی ، سریانی ) بکاتەوە وە هەروەها بەزمانی عەرەبیش بەڵام بۆ ئەم زمانە پێویستە باوك یان دایکی قوتابی بەڕەگەز عەرەب بێت وەیان لە قوتابخانەیەکی عەرەبی هاتبێت .

١٦- هەموو قوتابخانەیەکی ئەهلی لە قۆناغەکانی { باخچەی ساوایان ، بنەڕەتی ، ئامادەیی } لە ساڵی پێنجەمی خوێندنی پێویستە ببێتە خاوەن تەلاری تایبەتی خۆی وە بۆ قۆناغی { پەیمانگە } لە ساڵی سێیەمی خوێندنی پێویستە ببێتە خاوەن تەلاری تایبەتی خۆی ، بە پێچەوانەشەوە بۆی نیە قوتابی تازە

وەربگرێت تا دەبێتە خاوەن بینای خۆی .

**وەزارەتی پەروەردە**

**بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ئەهلـــــــــــی**

**فۆرمی داواکاری بۆ کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومی**

# فۆرمی ژمارە {{ ١ }}

| ز | بابـــــــــــەت | تێبینــــــــــی |
|---|---|---|
| ١ | ناوی چواری داواکار | |
| ٢ | بڕوانامە و پسپۆری | |
| ٣ | ژمارەی مۆبایل و ئیمێل | |
| ٤ | ژمارە وڕێکەوتی ناسنامەی باری شارستانی یان گوزەرنامە وە ئەگەر کۆمپانیا یان ڕێکخراو بوو ژمارەی مۆڵەت | |
| ٥ | ناو و ئاستی قوتابخانە یان پەیمانگەی ناحکومی | |
| ٦ | جۆری خوێندن ( زمانی خوێندن ) | |
| ٧ | پرۆگرام و سیستەمی خوێندن | |
| ٨ | ناونیشانی جووگرافی | |
| ٩ | ئامانجی گشتی و تایبەتی کردنەوەی پرۆژە | |
| ١٠ | سوودی ئابووری وکۆمەڵایەتی پرۆژە | |

| | | |
|---|---|---|
| ١١ | سەرچاوەی دارایی و پاڵپشتی پرۆژە بە بەڵگە | |
| ١٢ | بڕی ئەوپارانەی وەردەگیرێت لە بەخێوکار | |
| ١٣ | مەرج و ڕێژەی ئەو پەڕی ژمارەی وەرگرتنی قوتابیان | |

**تێبینی :- پێویستە { ژیاننامەی داواکار + پلانی خوێندن+ وێنەیەکی کۆپی بەڵگە نامەی خاڵی (٤) } هاوپێچ بکرێ**

**واژۆ ی داواکار و ڕێکەوتی واژۆ کردن**